نەخشەسازی و خوێنەران

عوسمان پیرداود

لەوانەیە زۆجار لەخۆمان پرسیبێ بۆچی چاپکراوێک لەناو کتێبخانەکەماندا هەیە بە ئاسانی چەند جارێک خوێندوومانەتەوە، چاپکراویش هەیە چەند جار هەوڵمان داوە، کەچی ناتوانین تەواوی بکەین و هەمووی بخوێنینەوە؟ لێرەدا ڕۆڵی گرنگی نەخشەسازی و بەشێکی گرنگی نەخشەسازیمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەویش فۆنتکاری(تبنیت)ـە، فۆنت واتە دیاری کردنی جۆر و قەوارەی پیت و پێوەندییان بە ڕووناکی و ڕەنگ و دووری و نزیکی بابەتەکە لە بیلبیلەی چاوەوە هەیە. ئەگەر ئەمانە لە ناو نەخشەسازیدا هاوسەنگ نەبن، ئەوە خوێنەر بە ئاسانی ناتوانێ چاپکراوەکە بخوێنێتەوە.

نەخشەسازیی لەسەر چەند بنەمایەک وەستاوە، واتە نەخشەساز دەبێت زۆر چاک لەم بنەمایانە بگات و بۆ هەر نەخشەسازییەک کە بیەوێت ئەنجامی بدات، ئەمانەی لەبەرچاو بێت:

١- بنەمای ڕۆژنامەوانی.
٢- بنەمای هونەری.
٣- بنەمای ڕۆشنبیری.
٤- بنەمای فسیۆلۆجی.

ئەم بنەمایانە دەبن بە هۆی ئەوەی نەخشەسازیی ئامانجەکانی خۆی بەباشی بپێکێ و نەخشەسازییەکی سوودمەند و پڕ لە جوانکاری پێشکەش بە خوێنەران بکات کە ئەمانەن:

١- ئاسانکردنی خوێندنەوەی بابەتەکە، بۆ ئەوەی خوێنەران بەئاسانی تێی بگەن.
٢- بابەتەکان بە پێی گرنگییان دابنرێن، واتە بابەتی گرنگ زیاتر بەرچاو بخرێن و ئەگەر هەیانبوو، بایەخ بە وێنە و هێڵکارییەکانیان بدرێت.
٣- هەوڵ بدات لاپەڕەکان جوان و سەرنجڕاکێش بن.
٤- هۆگری و ئاشنایەتی و ناسینەوەیەک لەمیانەی خوێنەر و ڕۆژنامەدا هەبێت.

ئەوەی زیاتر لەو بابەتەدا مەبەستمانە باسی لێوە بکەین بنەمای فسیۆلۆجییە کە نەخشەساز دەبێت زۆر بەکارامەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە بەبڕبڕەی پشتی نەخشەسازی دەژمێردرێت و دەچێتە ناو هەندێک بابەتی بیرکاری وردەوە، هەروەها پێوەندی بە جووڵەی چاو و ماندووبوونی شان و مل و زوو هیلاک بوونی خوێنەرەوە هەیە، کە ئەمەشیان پەیوەستە بە درێژی و پانی ستوونەکان و هەماهەنگی نێوان وشە و ستوون و لەبەرچاو گرتنی حاڵەتەکانی خوێندنەوەوە هەیە، چونکە هەرکەسێک شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ خوێندنەوە، بۆ وێنە هەیە لەپارک دانیشتووە، یان لە ناو پاس، یان لە ماڵەوە تاد.. دەخوێنێتەوە، بۆیە کاتێک پانی ستوون دەگاتە ١٨سم پیتەکەش بچووکە، لێرەدا خوێنەر تووشی ماندووبوون دەبێت، لەبەر ئەوەی جووڵەی سەری لە ڕاستەوە بۆ چەپ و بە پێچەوانەوەیە، بێ گومان ئەمەشیان دەبێتە هۆی:

یەکەم: لە کاتی خوێندنەوەدا نووسراوەکانی هێڵەکە لە پێش چاوی خوێنەر ون دەبێت.
دووەم: خوێنەر هەست بە سەر سووڕان و خەواڵوو بوون دەکات.

بەڵام کاتێ پانیی ستوون لە میانەی ٤ یان ٥ یان ٧ یان ٩ یان ١٢سم دەبێت و فۆنتەکەش هاوسەنگ دەبێت، ئەوە ئەم جارەیان جووڵەی سەری خوێنەر سەر بەرەو خوار دەبێت، واتە لە سەرەوە بۆ خوارەوە و بە پێچەوانەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەرەکە بە باشی لە بابەتەکە تێ بگات، ئەمەش وەک ئەوە وایە یەکێک قسەی بۆ بکات و ئەویش سەری بۆ بلەقێنێ.

یان زۆرجار نووسینەکە لەسەر باکگراوندێک دەنووسرێت کە نووسینەکە ڕەنگێک و باکگراوندەکەی ڕەنگێکی ترە، ڕاستە لەکاتی نەخشەسازیی، لەناو کۆمپیوتەردا جوان و سەنجڕاکێشە، بەڵام لەکاتی شەودا خوێندنەوەی ئەم جۆرە بابەتانە زۆر زەحمەتە، نەخوازەڵا ئەگەر ڕووناکی ژوور تێر نەبێت، بەتایبەتی منداڵانیش پتر تووشی ئەم بارە دەبن، بۆیە لێرەدا ئەو هیلاکییە دروست دەبێت و وا دەکات خوێندنەوەکە بەباشی ئەنجام نەدرێت.

هەندێک جار بابەتی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر کاغەزی سپی (ئارت) چاپ دەکرێت، پیتەکەش بچووکە، بۆیە تەرکیزی چاوی زیاتری دەوێت، ئەمەشیان دەبێتە هۆی تیشکدانەوە و ماندوو بوونی چاو، بێ گومان ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندنەوەکە بەباشی ئەنجام نەدرێت.

کاتێک بابەت لەسەر کاغەزی سپی چاپ دەکرێت وەکو ئەوە نییە کە لەسەر کاغەزی بۆر ئەنجام درابێت، چونکە ڕەنگی بۆر ڕووناکی هەڵدەمژێت و تیشکدانەوەی نییە و خوێندنەوەی بەشێوەیەکی ئاسایی و دوور لەماندووبوونی چاو ئەنجام دەدرێت، بۆیە ئەم شێوەیان پتر سوود دەبەخشێ و ئامانج دەپێکێ.